**کۆماری عێراق**
**هەرێمی کوردستان**
**سەرۆک**

**بڕیار**
**ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٢١**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (دەیەم) لە یاسای سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو و پاڵپشت بە یاساکاریی پەرلەمانی کوردستان کە لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٣)ی ڕۆژی ٢٠٢١/٩/٧ کردوویەتی، بڕیارماندا بە دەرکردنی:

**یاسای ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٢١**
**یاسای هەمواری دووەمی یاسای دەستەی دەسپاکیی هەرێمی کوردستان - عێراق**
**ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١١**

**ماددەی (١):**
هەریەکە لە بڕگەکانی (یەکەم) ، (دووەم) لە ماددەی (حەوتەم)ی یاساکە هەڵدەوەشێتەوە، و سەر لە نوێ ڕیزبەندی بۆ بڕگەکانی تری ماددەکە دەکرێتەوە.

**ماددەی (٢):**
کار بە دەقی هیچ یاسا و بڕیارێک ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆک بێت.

**ماددەی (٣):**
ئەم یاسایە لە ڕۆژی دەرچواندنیەوە جێبەجێدەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا بڵاودەکرێتەوە.

**هۆیەکانی دەرچواندن**

بۆ نەهێشتنی دژیەکی لەنێوان بڕگەی (یەکەم) لە ماددەی (شەشەم) و بڕگەکانی (یەکەم) و (دووەم) لە ماددەی (حەوتەم)ی یاساکە، کە بەهۆی یاسای ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠١٤ یاسای هەمواری یەکەمی یاسای دەستەی دەسپاکیی هەرێمی کوردستان ـ عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١١ دروست بووە، و لە پێناو جێبەجێکردنی یاساکە بە شێوەیەکی دروست و گونجاو، ئەم یاسایە دەرچووێندرا.

**نێچیرڤان بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

**هەولێر**
**٢٠٢١/١٠/٦**